# ڕاپۆرتە هەواڵی ژمارە (4)



**ئامادەکردنی: ئەکرەم محمد**

**1/ سەردانی (ئەکرەم محمد و وەستا حسین صالح)وەفدی نوێنەرایەتی کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) لە بەیانی 2007/1/6 بۆلای (یەکێتی سەندیکاکرێکایەکان و پیشەوەرانی کوردستان) لە سلێمانی، وەفدەکە لەلایەن (سەردار رشید)سەرۆکی سەندیکا و (بکر)نوێنەری حیزبی زەحمەتکێشان وەك ئەندام لقی سەندیکا پێشوازی کرا ، تەوەری قسەو باسەکان لەسەر هەلومەرجی ئێستای ژیانی کرێکاران و کارمەندان و کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی بوو هەروەها لاوازی ڕۆڵی سەندیکاکان لە کوردستان وهەوڵی یەکگرتنەوەی هەر دوو سەندیکای دابەشبووی هەولێرو سلێمانی و بێئاگایی کرێکاران لەم هەولآنە ،هەروەها دەستورکارێك کە نوێنەرایەتی کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) لە بەرنامەی خۆی داناوە لە پێناو سەرپێخستنەوەی ڕێکخراوە کرێکاریەکان کە دروستکراوی کرێکاران خۆیان بێت پشت بەستوو بەتوانای خۆیان و دوورلە دەستێوەردانی خاوەنکارو حیزبە دەسەلآتدارەکان و دەزگا دەوڵەتیەکان ،هەر لەو دانیشتنەدا ڕخنەی تووند لەو هەولآنە گیرا کە دەیانەوێت بیّ هەڵبژاردنی نوێنەران و کۆبونەوە گشتیەکانی کرێکاران و لەپشت سەری کرێکارانەوە ڕێککەوتن سازبکرێت ، لەکۆتایی دانیشتنەکەدا وەفدەکە هەر هەوڵێکی دڵسۆزانەی لە پێناو یەکگرتوو بەهێزی چینی کرێکاری بەگرنگ و بەرز نرخان و هەموو ئامادەییەکی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) ی لەم پێناوەدا لە بەرژەوەندی کرێکاران دەربڕی .**

**2/ کۆبونەوەی نوێنەرایەتی کوردستانی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق)لە 2007/1/6 لەگەڵ نوێنەرانی ناوەندە کرێکاریەکانی وەك( کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار وتاسلوجە وکارگەی جگەرەی سلێمانی و کرێکارانی دارستانەکان و شارەوانی وکارەبا وئاسنگەران و پیشەوەران و بیناسازی) تەوەری قسەو باسەکانی کۆبونەوەکە لەسەر هەوڵدان بۆ بەهێز کردن و ڕێکخستنی ناڕەزایەتیەکانی کرێکاران لە ناوەندەکان و دەوروو نەخشی ڕبەرانی ئەو ناوەندانەو ئەرکێك کە ئێستا دەبێت جێبەجێبکرێت لە پێناو سەرخستن و ڕێکخستنی ناڕەزایەتیکان و تەوەرێکی باسەکان لە سەر نەبوونی یاسای کاری کرێکاران بوو هەروەها زۆر ناڕەزایەتی کرێکاران لەو سەندیکایانەی بەبیّ ئاگای ئەوان دروستکراون و بونەتە کۆسپ لەبەردەم هەڵسوڕان و یەکگرتوویی کرێکاران و پێویستی ئەوەی چیتر هەوڵبدرێت خولی هۆشیاری زیاتر و کۆڕو سیمینار و کۆبوونەوە گشتیەکان لە ناوەندەکان و**

تایبەت بە هۆشیاری کرێکاران بەرپا بکرێت تا چیتر دەورو نەخشی بەهێزو مێژوویی چینی کرێکاران لە ئایندەی کوردستان و بەدەستهێنانی هاوپشتی نێونەتەوەیی بۆ ئەم بزوتنەوە ئینسانی و پێشکەوتنخوازە تاوتوێ کرا لە کۆتاییدا بەشداربووان بەشۆرو شەوقێکی پر لە هیواو کارکردن و ئومێدی بەردەوامی و فراوانکردنی ئەم دانیشتنانە و هەوڵدان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی بەهێزی نوێنەرانی کرێکاران بۆ بریاردان لەسەر پێداویستی و داخوازییە هەنووکەییەکانی کرێکاران کۆبوونەوەکە کۆتایی هات ...

3/ چاوپێکەوتنی (ئەکرەم محمد) ئەندامی نوێنەرایەتی کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) لەگەڵ ڕێکخراوی ئەمریکی (سی پی تی)لە 2007/1/7 ئەو ڕێکخراوە بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە ئاشتی و هەر کارێکی مرۆڤایەتی لە عێراق خۆیان ناساندو پشتیوانی خۆیان لە هەر خۆپیشاندان و مانگرتنێکی جەماوەری و کرێکاری نیشاندا و ئاشنایی ئەوان بە (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) و (یەکێتی بێکاران لە عێراق) هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوەو کارو چالاکیەکانی لە سەر ئاستی عێراق جێگای خۆشحاڵیان بوو وە هیوایان خواست ئەو پەیوەندیە بۆ هەمیشەیی بەردەوامبێت .

4/ بەشداری (وەستا مهدی رسول و ئەکرەم محمد) وەك نوێنەرایەتی کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) لە مانگرتنی شۆفێرانی هێڵی پاسەکانی ناوشاری سلێمانی لە ڕۆژی 2007/1/17 کە سەرتاسەری شاری گرتەوە ونوێنەرەکان هاوپشتی و پشتیوانی جەماوەر و ڕەوایی داخوازیەکەیان لە پێناو زیاد نەکردنی نرخی هاتووچۆی خەڵك بوو لە بەرامبەر بەرز بوونەوەی نرخی گاز و سوتەمەنیەکاندا وە ئەوەشیان پێراگەیاندن کە هاوکات لە شارەکانی تری عێراق لە (بەسرە و کەربەلا)ش بەڕابەرایەتی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) خۆپیشاندان ساز دراوە دژ بەو زیاد بوونە،داوایان لە شۆفێران کرد هەرچی زیاتر یەکگرتوو بن و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن بۆ گفتوو گۆ لەگەڵ دەسەڵاتداران و نابێت هیچ سات و سەودایەکی ژێر بەژێر لەگەڵ دەسەڵاتداران بکرێت وبەبێ ڕەزامەندی شۆفێران .خۆشحاڵی و دەستخۆشی زۆرێك لە شۆفێران بۆ ئەم بەشداریە بەرچاوە لە لایەن شۆفێرانەوە کە بە درێژایی ئەو ڕۆژە هەتا شەویش بەردەوام بوو بەبێدابڕان لێیان کە ببووە جێگەی نیگەرانی دەسەڵاتداران وهەوڵیان دەدا دەورو نەخشی نوێنەرانی کوردستانی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) بە چاوسورکردنەوەو گرتن و تۆقاندن کەمبکەنەوە بەڵام هەموو هەوڵەکانیان ناکام بووەوە دواتریش گرتنی(جلال ابوبکر) لەلایەن ئاسایشەوە وکە بە هەوڵ وفشاری دڵسۆزانەی شۆفێران ونوێنەرانی کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق)لە چونیان بۆ بەردەم ئاسایش و گەیاندنی بە سەرجەم نیهادە ناوخۆیی وجیهانیەکان .

5/ دەرکردنی 2 بەیاننامە یەکەم بەناوی (هاوپشتی لە مانگرتنی نانەواکان وشۆفێرانی هێڵەکانی ناوشاری سلێمانی بکەن داخوازیەکەیان داخوازی جەماوەرە!) لە 2007/1/17 ،وە دووەم (دەستگیر کردنی (جلال ابوبکر محمد) لەڕابەرانی مانگرتنی شۆفێرانی هێڵەکانی ناوشاری سلێمانی محکومە!)لە شەوی 17لەسەر2007/1/18 .

6/ لەسەر بانگهێشتی (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) کۆمەڵە لە ڕۆژی